کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11:35 25-4-2007

## ئاغاکەی وەزارەتی تەندروستی ... کارزان

هەموومان باش دەزانین کەوا میللەتەکەمان چەندین سەدە بەدەستی ئاغا و دەرەبەگەوە دەناڵێنی تا ئەمڕۆ، بەڵام ئەمڕۆ بەبەرگێکی جیاواز و نوی. ئاغایەتی کۆن دەزانین چۆن بوو. بەڵام ئاغایەتی ئێستا ئەوەی نازانی با لە هەیکەلی ئیداری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم بکۆڵێتەوە ئەو کات دەزانی ئاغایەتی ماوە و تەنها بەرگی گۆڕاوە، یەك لەم وەزارەتانە، وەزارەتی تەندروستیە. لە هەموو وڵاتان وەزارەتی تەندروستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتی لە بارودۆخێکی ئێستای جیهان کە ڕووبەڕووی ئایدز و ئەنفلەوەنزای باڵندە و .... هتد بۆتەوە. کەچی وەزارەتی تەندروستی ئێمە بەرگەی یەك قوربانیانی بوومەلەرزە ناگری، یان تەقینەوە، بۆنموونە هەر تەقینەوەیەك لەم هەولێرە ڕوویدابی ئەوا بریندارەکان لە قاوشەکانی نەخۆشخانەکان چارەیان بۆ دەکرا لەبەر نەبونی کەرستەو جێگا. هەر وەزیرێك هات چارەی ئەم جۆرە کێشانەی نەکرد. تا گەیشتە ئەم وەزیرئاغایەی ئێستا. بۆ دەڵێم ئاغا؟ چونکە ئەم وەزیرەی ئێستا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وا خۆی نیشان دەدات کەوا مرۆڤێکی مۆدێرن و یاسايناس و سنگ فراوانە. کەچی ماوەی ڕابردوو لە سایتەکان ڕەخنەی لێگیرا، تۆزقاڵێك سنگ فراوانی پێوە دیارنەبوو، گەر باوەڕی بە ئازادی بیروڕا هەبوایە دەبوایە بەرگەی ڕەخنە بگری نەك پێی قەڵس ببی. چونکە ئەو خۆی بەسۆسیال دیوکرات دەزانی و لە کیشوەری ئوروپا ژیاوە و هە لەوێش بووە بە دکتۆر. ئایا کەسێك ئەم بڕوایە و لەم کیشوەرە ژیابی ئاوا بە ئاغایەتی هەڵسوکەوت دەکات؟ بێجگە لەمەش بۆ کار و باری ئیداری زۆر لاوازە، نەیتوانیوە کەسی شیاو لە جێگای شیاو دابنی بەڵکو بە پێچەوانەوە. بۆ نموونە کەسانێکی لەبەشی ڕاگەیاندنی خۆی داناوە کەوا هیچ شارەزایەکیان لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە نیە کە ئەم بەشە نزکترین بەشە لە خۆی، ڕێزمانی کوردی و عەرەبیان نیەو ئینگلیزیش هەر فت. یان بەڕێوەبەری گشتی دیوان مامۆستایەك بوو لە یەکێك لە قوتابخانەکان و هیچ پەیوەندیەکی بە تەندروستیەوە نیە چۆن کەیشتە ئەم پلەی ئێستای؟ ئەی ئەمانە کەسی ناشیاو نین لە جێگای شیاو؟ من وای بەچاك دەزانم چارەی ئەم گرفتانە بکەی باشە، بۆ ئەوەی دووبارە ببیتەوە بە پێشەنگ کاتێك دوو مانگ بوو دەستبەکاربووی.

بەڵام خەلکینە شتێك هەیە:-

گەر هەیکەلی ئیداری ناو وەزارەتی تەندروستی لە سەرووی دەستەڵاتی وەزیری تەندروستی دانرابن. ئەوا هەمووماندەزانین و باش دەزانین لە کوردستان چ باسە. وەگەر بە دەستەڵاتی خۆی دانرابن، ئەوا جەنابی وەزیر بزانە، ، دەبێت بە دەهۆڵ و وڵات تێدەگات و چیتر پێویست ناکات لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسی ڕۆژانی سەختی خەبات بکەی و بەرهەمەکەشی بەم جۆرە بێت، چونکە نەوەیەك پێگەیشتووە حەزی لە ئازادی و یەکسانی و دژی ئاغایەتیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.